# ئەدەبی شاخ و ئەدەبی شار

**سەباح ئیسماعیل**

ناو بە ناو ئەم زارازویەمان بەر گوێ دەکەوێت، وەلێ قسە و باسی لەسەر ناکەین و ڕەخنەی لێ ناگرین، چونکە ئەدەبی شاخ بە پیرۆز و نووسەرانی شاخ بە لوتکەی هەڵوێست دادەنێن. وەکو ئەوەی ئەدەبی نوێی کورد لەوێوە سەری هەڵدابێ و هەنگوینی داهێنان لە کونە شاخەوە چۆڕابێتە شارەکانەوە و وەکو ئەوەی کۆڕی زانیاری لە شاخ هەبووبێ و زاراوەی داتاشیبێ و لە قوتابخانەکانی شارەکانی کوردستانیش پەیڕەو و پیادە کرابن. چەندێك هەوڵدەدەم و تێدەفکرم نووسەرێکم بیر نایەت لە شاخ بووبێتە نووسەر و لەوێوە ناوی دەرکردبێ.

چاکترین نووسەری ئەوکاتەی شاخ حەمە موکری بوو، کە لە ڕێگەی گۆڤاری بەیان و هەفتەنامەی هاوکارییەوە پێگەیی و جوانترین چیرۆکەکانی لەلاپەڕەی ئەو بلاوکراوانەوە ڕووناکییان بینی. کەچی لە شاخ سەگوەڕ و هەژدیهای نووسی، ئەو هەژدیهایەی نووسەرێکی عەرەبی وەك (گارق عون الله)، کە لە ڕۆژنامەی (شرق الٓوسگ)ی لەندەنی کار دەکات، کاتی وەرگێراوە عەرەبییەکەی خوێندبۆوە وتبووی: ئەمەیە ئەدەبی کوردی؟

لە شاخ ڕۆمانی (سەگوەڕ)ی حەمە موکریی لێ بترازی، کامیان مشتومڕ و دیالۆگی ڕۆشنبیریی دروست کرد. جگە لەوەی لە بێدەنگیدا سەریان نایەوە.

من لە نرخی ئەدەبی شاخ کەم ناکەمەوە، بەلام دەڵێم هیچ داهێنان و ئەفراندنێك لەوی نەکراوە و ئەو شتە چاکانەشی لە بواری(شعر، چیرۆك، ڕۆمان) کراون، هەموو لە شارەوە بەرەو پێش چوونە و داهێنانەکان لە منداڵدانی شارەوە هاتوونەتە دنیاوە.

جارێ هەر ناکرێ باس لە ڕەخنەی ئەدەبی لە شاخ بکەین، چونکە خۆیان هەندە بە پیرۆز و تەواو کامڵ زانیوە، بەڕەوایان نەزانیوە جەستەی (لاواز و نەحۆشی) دەقەکانیان بەر ئەمیوولی ڕەخنە بکەوێت.

دەقی شانۆیی نووسراویش هیچ بوونێکی لە شاخ نەبووە. لە کاتێکدا لە هەموو ژانرێك پێویست تر و جەماوەری تربووە. ئەو بابەتە بەپێز و پڕ لە جورئەتانەی لە ژمارە (12) ی ساڵی 1983 ی گۆڤاری نووسەری کورد لە بەغدا بلاوکرانەوە، لە هەموو ژمارەکانی گۆڤاری ( نووسەری کوردستان ) و ( گزنگ ) ، کە لە شاخ دەردەچوون ، کاریگەرترو زیاتر بەرگری و هاندانو دژ وەستانەوەی بەرامبەر بە ڕژێم تیایدا بوو . لە کاتێکیشدا ڕژێمی بەعس لەوپەڕی بە هێزی و دیکتاتۆریدا بوو . هەندەی نووسەرانی شار بوێری و جورئەتیان لە نووسینەکانیاندا ئاخنیوە ، بەشێکی کەمی ئەوە لای نووسەرانی شاخدا هەبووە . کێ لەو نووسەرانە  توانی لە شاخ کتێبێکی ڕەخنەیی وەك ( ئادەمیزاد لە کۆمولچی کوردەواریدا ) ی شەهید عەبدولخالق مەعرووف چاپ بکات، یا هەوڵی وەرگێڕانی بۆ عەرەبی یا فارسی بدات؟ لە کاتێکدا زۆربەی زۆریان ئەو دوو زمانەیان بە ڕەوانی دەزانی.

لەم قسانەمدا مەبەستم ئەوەیە، با نووسەرانی شاخ هەندە بە خۆیاندا هەڵنەدەن و باش ئەوە بزانن، کە هەر ئەوان خزمەتیان بە خەڵك، یا بە چینی چەوساوە،یا بە کەرکوك، یا بە کورد نەکردووە.لە شاریش نووسەرانێکی ماندوو نەناس و گیان لەسەر دەست بەرەو ڕووی ڕژێم و دەستەلاتداران وەستاونەتەوە لە ناو لاپەڕەی ڕۆژنامەکانی ڕژێم خۆیدا ئەدەبی بەرگریان پەرە پێداوە و داهێنانیان کردووە. ئیتر نابێ وەهمی گەورەیی نووسەرانی شاخ و بچووکی نووسەرانی شار ببێتە ئەگەرێ بۆ دروست کردنی جیاوازی و قوڵشتی نێوانیان.

با ئیتر داهێنان بڕیاردەر بێت و واز لەو جیاکارییانە بێنین، چونکە جگە لە بەرەو دوا بردن و قەتیسمانی ئەدەب زیاتر هیچ بەرهەمێکی نییە